## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وەڵامی لیژنەی یاسای پەرلەمانی کوردستان دەداتەوە

ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا کاردنەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوەو زۆرێک لەناوەندە ڕۆشنبیری و جەماوەریەکانی هەرێمی کوردستان نارەزایی خۆیان لەبەرامبەر پەلەکردن لە تێپەڕاندنی پرۆژەی دەستور دەربڕیی.
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش وەک نوێنەری دانیشتوانی پارێزگاکە هەلوێستی نەرێی لەبەرامبەر خوێندنەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان پیشاندا و یاداشتێکی لەوبارەیەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد، لەبەرامبەریشدا پەرلەمانی کوردستان وەڵامی یاداشتەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەو جۆرە داوەتەوە گوایە ئەنجومەن شەرعیەتی نەماوە.
کاوە عەبدوڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەسایتی پارێزگای ڕاگەیاند: زۆربەی ڕۆشنبیران و یاساناسان و خەڵکانی خەمخۆر داوایانکردوە هەموارکردنی دەستور دوابخرێت بۆ پەرلەمانی داهاتوو، ڕای خەڵکی وەربگیرێت لەسەری و چەندین ۆرکشۆپ کۆبوونەوەی لەسەر سازبکرێت، ئەوسا پرۆژەکە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت.
وتەبێژی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش ڕۆژی چوارشەممە 2009/7/1 ڕونکردنەوەیەک لەبارەی وەڵامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بڵاودەکاتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی-:

ڕوونکردنەوەیەک لە وتەبێژی ئەنجومەنـــی پارێزگای سلێمانیەوە

ڕۆژی 24 /2009/6 لیژنەی کار وباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لە ژێر ناونیشانی (وەڵامێک بـــۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ) ڕاگەیاندنێکی بڵاو کردۆتەوە ،ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ،لەبـــەر ئەو نارەواییانەی لە ناوەرۆکی ڕاگەیاندنەکەی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستاندا هاتـــوون و بۆ بەرچاو ڕوونی ڕای گشتی کوردستان ،بە پێویستی زانی ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوە بخاتە بەر چـــاوی خەڵکی کوردستان:
1-لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان بێ ئاگا لەوەی پەرلەمانی کوردستان وەک تاکە دەسەڵاتی یاسادانان لە کوردستان بەرپرسیارە لە دەرکردنی یاساکان بە یاسای پارێزگاکانیشەوە کە ماوەی چوارســاڵی تەمەنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان لە سایەی خەمساردی پەرلەمانی کوردستان بەبێ بوونـــــی یاسایەک ،تێپەراند،کە بێگومان بەرپرسیاری ڕاستەقینەی پشتگوێ خستنی ویستی هاووڵاتیانی کوردستــان وپێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاریەکان وەک پێویست بە هاوڵاتیان تەنهاو تەنها پەرلەمانی کوردستان لێــی بەرپرسیارە ،چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم پەرلەمانە بەرێزە لە خەمی هاووڵاتیانی نەپێچاوەتەوە.

2-لیژنەی کاروباری یاسایی بە ڕەوای نابینێ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە پرسَیکی چارەنووسسازی وەک دەستور قسەی هەبێت ،لە کاتێکدا لە دواکەوتووترین وڵاتی دنیادانەک هەر دەزگایەکی هەڵبژێردراوی وەک ئەنجومەنی پارێزگا بەڵکو تاکە فەردێکی کۆمەڵیش دەتوانێت ڕای خۆی ڕاشکاوانە دەرببڕێت.

3-لیژنەی کاروباری یاسایی منەت بەسەر ئەنجومەنی پارێزگادا دەکات سەبارەت بە درێژکردنەوەی مـــاوەی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان ،ئێمە بەڵگەی نوسراومان لەبەر دەستە کە وەک ئەنجومەنـــی پارێزگای سلێمانی زۆر پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی کارکردنمان داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت ،بەڵام دیسان بەهۆی خەمســـــاردی پەرلەمانی کوردستانەوە پشتگوێ خراو بە ناچاری ماوەی کار کردنیان درێژکرایەوە کە ئەم درێژ کردنەوەیە ئیرادەی پەرلەمان بوونەک ئەنجومەن.

4-ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ،سەرباری بێ پشتیوانی لە لایەن پەرلەمانەوەو سەرەرای نەبوونی یاسا تاکو بەهۆیەوە پێگەی یاسایی خۆی بزانێت ،بە پشتیوانی هاوڵاتیانی خۆشەویستی سنوری پاریزگای سلێمانی توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بە هاوڵاتیانی سنورەکەی خۆی بکات ،بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش سەرەرای ووتەکانی ئەندام پەرلەمانەکان خویان ،دەتوانن لە خەڵکی سنوری پارێزگای سلێمانی بپرسن.

5-ئێمە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ،بەوپەری شانازیمانەوە ،رێز لەو متمانەیە دەگریـــــــن کە هاووڵاتیانی سنوری پارێزگای سلێمانی پێیان بەخشیوین،بۆ پاراستنی ئەو متمانەیەو پیرۆز راگرتنـــــی سڵ لە هیچ هێزێک ناکەینەوەو بۆ پاراستنی مافەکانیان هەرچیمان لە دەست بێت درێخی ناکەین هەرچی یە لە تواناماندا بێت بێشکش دەکەین

بفەرموون لەگەڵ کاری خزمەتگوزاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەماوەی کار کردنی دا

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | 2005 | هیچ بودجەیەکمان بۆ تەرخان نەکراوە | | |
| ساڵ | 2006 | 79 ملیار دینار | 100 | پرۆژەی گەورە و بچوکی پێ کراوە |
| ساڵ | 2007 | 160 ملیار | 250 | پرۆژەی گەورە و بچوکی پێ کراوە |
| ساڵ | 2008 | 200 ملیار | 300 | پرۆژەی بۆکرا |
| ساڵ | 2009 | 130 ملیار | 210 | پرۆژە لەبەرنامایداد |

ئایا ئەم پرۆژەنە لە چاو ئەو بودجە کەمەدا خزمەتگوزاری پێشکەش کراوە یان نا
با پەرلەمان خۆی وەڵام بداتەوە

لە گـــەڵ رێزی بێ پایانی
ووتەبێژی ئەنجومەنی پارێزگــای سلێمانی